# نەکوردستان زەوی وەقف وخالیسە*  نەخەڵکەکەشی ئەهلی زیممەیە !

کەمال ڕەئوف

سستەمی دیموکراتی بەهەموولایەنە ئیجابیەکانیەوە ئەو شتەخراپەشی تێدایە کەبواردەدات تالایەن و بیرو بۆچوونی نادیموکراتی بتوانن کەڵك لەبیری پۆپۆلیستی وکەم هوشیاری وسۆزی خەڵك وەرگرن بۆ ئەنجامدانی کارو پیلانی نادیموکراتی و دژ بەکەمایەتی , موقتەدای سەدر کەنوێنەرایەتی لایەن وبەشێکی توندڕەوی مەزهەبی شیعە لەعێراقدا دەکات , بەم دواییانە بەهەڵخراندنی سۆزی دارودەستەکەی و بەفیتی دەرەکیخۆپیشاندانێکی فراوانی سازدا تاکولەوێوە بەئاشکرا بڵێت من دژمنی جێبەجێکردنی بیری فیدراڵیەتم لەعێراقدا , لەگەڵ ئەوەی کەلای هەمولایەك ئاشکرایە کەئەم کارانە دەستی دەرەکی تێدایە , بەلاّم بۆ خۆشی وەك پیاوێکی ئاینی کەلای وایە دەبێت عێراق چەند سەدە بچێتەدواوەو دەسەلاّتی عێراقی دوای بەعس  لەسەر بناغەی شەریعەتی ئاینی ئیسلام دابمەزرێتەوە , ئیتر بەبیستنی فیدراڵی ناتوانێت خۆی لەو دیدە ئاینیە بدزێتەوە کەلای وایە کوردستان مادام لەفتوحاتی ئیسلامدا داگیرکراوە ئیتر موڵکی خەڵکەکەی نییەو دەبێت تاماوە وەك زەوی وەقف و خالیسە سەیربکرێت و خێرو خۆشییەکەی بگەرێتەوە گیرفانی خەلیفەی سەردەم (کەئەمڕۆ ئەوخۆی بەوە دەزانێت ), هەرچی خەڵکەکەشییەتی دەبێت دیسانەوە بەوەڕازی بن کە وەك ئەهلی زیممە جگەلەوەی کەدەبێت باج وسەرانەی خەراج بدەن بەڵکودەبێت جزیەش بدەن , چونکە لەڕوانگەی ئەوەوە خەڵکی ئەوناچەیە جگەلەوەی کەزۆربەیان شیعەمەزهەب نین بەئەسڵیش عەرەب نین بۆیە دەبێت بەوحوکمە قایلبن کەحوکمی خوایە, هەربۆیەئێستا ناکرێت و دروست نییە لە دیدگای سەدرەوە کورد داوای فیدراڵیەت بکات , چونکە ئەم داوایە وەك ئەوەوایە کەکۆیلە داوای ئازادکردنی خۆی لەخەلیفە بکات. لەجیهاندا ڕۆژانە دەبیستین لە فلانە جێگاو فلاّن شار خۆپیشاندان کراوە,  جائیتر ئامانجی ئەو خۆپیشاندانانە هەرچیەك بێت , ناکاتە ئەوەی کە ببیستین میللەتێك یان مەزهەبێکی دیاریکراوڕۆژێك لەڕۆژان خۆپیشاندان بکەن بۆ ئەوەی کەمیللەتێك یان لایەنێکی تر دەستیان بەئازادی و دیموکراتی ڕانەگات , کەبەپێچەوانەوە موقتەداییەکان ئەم جارە داهێنانیان لەدیموکراتیەت و خۆپیشاندانیشدا کردو هێندەی شینی حەسەن و حسێنی جوانەمەرگ شینیان کرد تاکو کورد بەمافی فیدراڵی خۆی نەگات و ئەندامانی مەجلیس حوکمیش بترسێنن وئاگاداریان بکەنەوە لەوەی کە ئەوان ڕازی نیین لەسەلماندنی فیدراڵیەت بۆکورد .

موقتەداییەکان کەبەمەزهەب شیعەن وبەنەتەوەش عەرەبن, ئەم فڕنینە وەیان وهەواو ئارەزووی هێزنوواندنەیان لەکاتێکدایە بەرامبەر بەکورد, کەتووندڕەوانی مەزهەبی شیعە لەئێران لەپاشەکشەدان و شۆڤینیزمی عەرەبیش خواخوایانە لەمەجلیسی سوڵحی ئیسرائیلیدا ولەپرۆسەی نەخشەی ئاشتی ئەمەریکادا قبوڵ بکرێن و جێگەیان ببێتەوە کەچی ئەمان تازەبەتازە,سەری ژێر مێزەریان گەرم بووە وەیانەوێت دەسەلاّتێکی سەر بەمەزهەبی شیعە بەسەرهەمووماندا بسەپێنن ,ئێمە نازانین موقتەدا چ گەرێکی لە خەڵکی کورد ئالاّندووە و چ هەقێکی بەسەر ئەوناوچانەوە هەیە کەئەوهیچی لەبارەوە نازانێت؟ ئەگەر ئەو بەشەرعیش پێمان دەڵێت کەفیدراڵیەت حەرامەو بیدعەیە , خۆ بەپانتایی قورئانی پیرۆزو لەدرێژایی هەمووحەدیسەکانیشدا بۆیەك جاریش باسی دەوڵەت نەکراوە وئاماژەی پێنەکراوە کەچەچی ئەوان قسەلەدەوڵەتی ئیسلامی دەکەن !یان ئەگەر ئەو ئاگری نیشتمان پەروەری وپاراستنی یەکپارچەییخاکی عێراقیش هەڵیگرتووە , ئەوا ئێمەش دەڵێین ئەو جاران ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەوەندەی وەلای بۆ ئێران بووە , ئەوەندە عێراقی بەووڵاتی خۆی نەزانیووە ئیتر نازانین ئێستا شەڕی چی بەخەڵکی کورد دەفرۆشێت ؟.

---

* زەوی خالیسە: لەسەردەمی خەلافەتدا بەو زەویانە دەوترا کەدەکەوتنە کەنارو ناوچەشاخاویەکانەوە, یان خاوەنەکانیان لەبەردەم لەشکری ئیسلامدا هەڵهاتبوون , زەویەکانیش دەبوونە موڵکی دەسەلاّتداران .